

# مەملەکەتی تەم

ئاراس قەرەداغ

تەمەن وەک
کاتژمێری ماڵەکەم سات لەدوای سات
دەڕوات و ناگەڕێتەوە
ڕەنگەکانی دیوار و بنمیچی ژوورەکەم
وردە وردە زەردی خۆر دەگرن
ماڵەکەشم وەک مێشکم قەرەباڵەغ و ئاڵۆزە
نەبۆم کۆدەبێتەوە و
نەبێ ئەویش ئەتوانم ئارام بم
تاوانی ڕەنگەکانە لەغوربەتا بەزوویی پیردەبێ
لەچاوەڕوانی وڵاتماندا
هەموو دەم دەبینەوە بەمناڵێکی دڵ ساف
کە بەردەوام یاری چاوشارکێ
لەگەڵ دەکەین
بۆنی جەنگ لەپێستمانا ڕووا وەک موو

**منی پاشماوەی ڕق و جەنگ**
**بێزارم لە ڕەنگی پایز و زستانی ساردی ئێرە**
**منی خەڵکی مەملەکەتی خۆر**
**منی ڕاهاتووی قەرەباڵغی و ئاژاوە**
**هەرگیز ڕانەهاتووم و ڕاشنایەم بەساتە تەنیایی و هێمنەکان**
**لە غوربەتا هەرگیز ناتوانم بەدیار گڵۆپێک و**
**وێنەی جوڵاوی تێڤیّ کەمەوە**
**یاخود تابلۆ هەڵواسراوەکانی سەردیوارەکانم**
**لە دەروونی تاریکم و بیّ هیوایم**
**مۆمەکانم فێری هێمنیان کردم**
**تەمەنی ئێمەی جەنگی، کورتە وەکو پەپوولە**
**ئای چاوەڕوانی چەندە تاڵ و چەند بیّ تام و پڕ بێزاریت**
**ئێمەی جەلاد زۆر بەناسکی ڕووخسارەکانمان پیشان دەدەین**
**گەروانەبیّ چۆن دەتوانین یەک بشکێنین.!**
**چۆن دەتوانین بەرامبەرمان ئازار بدەین.!**
**گەروانەبیّ چۆن دەتوانین باڵندەکان تیرۆر بکەین و**
**قەفەزەکان بکەینە گۆڕستانیان.!**
**ئای باڵندە چۆن دەتوانیّ وەکو منێک بەبەندی لەدایک بێتوو**
**هەر بەبەندیش بمریت**
**ئێمە جاران چاوەڕوانی سەربەستی بووین**
**پەلکەزێڕینەی ڕاپەڕین جانتای سەفەری پیّ کۆکردینەوەو**
**ئەلبوومەکانی پیّ سووتاندین**
**یادگارییەکانی دڕاندین**
**ژەهری ڕەنگەکانی ئەوانمان نۆشی**
**تووشی شێرپەنجە بووین و دڵمان ڕزی**
**ئێمەی بیّ دڵ ، ئێمەی مەرد**
**پێمان باشە غوربەت عەسای پیری خۆیمان باتیّ**
**نەک لەویّ لەژێر سێبەری ئاڵای خەیاڵ و**
**پەیامە درۆکانی ئەوان**
**گۆڕمان پڕکەن لە سەدای درۆ و بارووت و چەک.**

**arasamin@hotmail.com**